# خەیاڵی رۆحم

کاوەی خەسرەو کاوانی

رۆحم زۆر جار خەیاڵ دەیگرێ
زەمەن دەیبا بۆ دواوە
دەیداتە دەست جارانەوە,
وەك سەردەمی هەرزەكاریم
دێمەوە جێگای ژووان و
سڵ ناكەم لە رێژنەی چڕی بارانەوە ,
رۆحم زۆر جار وەك پەپوولە
بالآن دەگرێ
بە دوای گوڵە قردێلەكەی قژی خاوت ,
تا نزیكتر دەبێتەوە
زیاتر دەسوتێ ئەم رۆحە
بە تیرۆژی دزە نیگای هەردوو چاوت ,
ئەم رۆحەی من ئێستاش زۆر جار
تەنیا بۆ ساتێك دیدارت
چەندە بلێ ی بێ مزورە (1) ,
خۆشەویستیت هەرگیز نامرێ
مەلێ ئێستا لێم ناپرسێ
لە پێش چاوم وون و duورە ,
من رۆحەكەم بە خەیاڵی
رابردووی تۆوە بەستراوە
كەس ناتوانێ خەیاڵەكانم ببینێ و ...
بیبا بۆ جیهانێكی وون ,
گەردووریش بی
گەر دووریش بم
دەژی لە هەست و خوێنی من .

(1) مزور : بێ تاقەت